"پێناسەی نووسەری کورد"

هێژایان/

نووسەری کورد لە ئەمڕۆوە و جارێکی تر لە ڕێگەی تۆڕی ئەنتەرنێتەوە، بە جۆرێکی تر لە ڕاژەی ئێوە و هونەر و ئەدەبی کوردیدا دەبێت.

نووسەری کورد کە لە ساڵی (2001)ەوە وەک یەکێک لە ماڵپەڕە کۆنەکانی سەر تۆڕی ئەنتەرنێت "بڵاوکراوەیەکی کولتووریی کوردیی ئەلەکترۆنی" کەوتە بەر دیدی خوێنەرانی، سەرەتا بە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک بابەتی هەمەجۆر و فرەلایەنی وەک "وێژەیی، هونەری، فەلسەفی، بابەتی منداڵان، کۆمەڵایەتی، هەڵسەنگاندن، شیکردنەوە، مێژوویی، دەرمانی، زانستی و ڕوانگەکان" خۆی بە خوێنەران و نووسەران ناساند و پاشانیش بۆ ماوەیەک وەستا.

هەر لەو ڕوانگەیەوە، ئێمە پێمان باشە لە ئەمڕۆوە دەست بکەین بە بڵاوکردنەوە و ناساندنی بەرهەمی نوێی وەک (کتێب و سی-دی)ی نووسەران و هونەرمەندان. لێرەوە بۆ ئەو مەبەستە کورتەیەک لەسەر هەر یەکێک لەو بەرهەمانە باس دەکەین کە بە ئێمە دەگەن و لە نووسەری کورددا دەناسرێن و لە ئارشیڤدا دەمێننەوە.

بەو شێوەیە بە نووسەران و هونەرمەندانی بەڕێز ڕادەگەیەنین کە هەر بەرهەمێک بە نووسەری کورد بگات و بخوازن لە ماڵپەڕەکەدا بمێنێتەوە، بە خۆشییەوە دەکەوێتە لاپەڕەی سەرەکیی نووسەری کورد و وەک ئەو بەرهەمانەی پێشووتر لە ئارشیڤی نووسەری کورددا دەمێنێتەوە.

بۆ پەیوەندی لەگەڵ نووسەری کورددا: nuserikurd2001@hotmail.com

ئیتر بە هیوای سەرکەوتنتانین

نووسەری کورد، 2007/07/30، 5ی خەرمانانی 2707ی کوردی

ڕۆژی دامەزراندن، 2001/06/30، 9ی پووشپەڕی 2701ی کوردی